# ئارامگەی شەیدا لەمەملەکەتی خێڵەکیدا




**فەرەیدون قەرەداغی**

کوشتنی ژن وەك بەرگریەك لەشەرەف وناموسی پیاو بەهەر بیانویەك بێت بۆخۆی بێشەرەفیە، وەلێ لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی ولەهەرێمی کردستان بەتایبەتی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پیاوسالارەکان کەپەروەردەی خێڵ وئاین وسیاسەتی پوچەڵن هەموو ناموسی خۆیان لەنێوان دوولاقی مێینەکانی خۆیاندا دەبیننەوە، وەبەپێچەوانەشەوە گوندەی ونێربازی نێرینەکانیان بەجۆرێك لەقارەمانێتی وپیاوەتی دەبینن.

لەدونیادا ئاشکرایە کە کۆنترۆڵی هۆشیاری وناهۆشیاری کۆمەڵگا لەناولەپی دەسەڵاتدایە، گومانی تێدا نیە لەکۆمەڵگا دواکەوتوەکان دەسەڵات لەهەرکوێ بەرژەوەندی مانەوەی خۆی بەدی کرد پەنجە بەکۆنترۆڵەکەدا دەنێت، پیاوسالاریش باشترین جۆری گێلکردنی مرۆڤەکانە کەخاوەن دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان بۆبەرژەوەندی ومانەوەی خۆیان وبنەماڵەکانیان لەسەر کورسی حکومڕانی پەرەیپێدەدەن. کێلەکەی شەیدا لەناو قەبرستانەکە وەك خاڵێکی ڕەش دیارە بەنێوچەوانی دەسەڵاتەوە، ئاخۆ دەبێ چەندین کێلەها هاوشێوەی شەیدا بێناز نێژرابێتن لەسوچی قەبرسانەکان دنیاش لێی بیئاگایە، بالێرەوە کێلەکەی شەیدا بکەینە نوێنەری کێلەکان بۆشەرمەزارکردنی پیاوسالارانی کورد، چەشنی کێلەکەی سەردەشت عوسمانی ئازادی خواز لەشاری هەولێر وکێلە پیرۆزەکەی کاوە گەرمیانی لەشاری کەلار، کەبون بەهیمای شەرمەزاری بەنێوچەوانی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردسانەوە.

شەیدا ئەنوەر عوسمان تەمەن ٢٤ ساڵ دوای ئەوەی ئەنوەری باوکی بەبێ خواستی کچەکەی پێشکەشی ئەکات بە (دلۆڤان) لەبەرئەوەی هەردوکیان سەربە هەمان حیزبی سیاسین، لەمانگی ١٢ ساڵی ٢٠١٩ ئەنوەری باوک سالار بەبێ خواستی شەیدا مارەی دەبڕێ لە دلۆڤان، شەیداش بەبیانوی جۆراوجۆر بۆماوەیەکی زۆر گواستنەوەکەی دوائەخات، بەمەبەستی ئەوەی شوو بە دلۆڤان نەکات هەوڵی زۆر ئەدات بەڵام دەرئەنجامی نابێت.

لەمانگی ٨ ساڵی ٢٠٢٠ پەیوەندی خۆشەویستی لەنیوان شەیدا وهێمن سیامەن دروست دەبێت، هەردوو خۆشەویست

لەسەروبەندی پلاندانانەدا دەبن کەچۆن وچی بکەن بۆئەوەی شەیدا تەڵاقی خۆی بسێنێت لەدلۆڤان پاشان ئەم دوو عاشقە زەماوەندی خۆیان سازبکەن، بەڵام ئەفسوس پلانەکەیان ئەنجامی نابێت، لەمانگی ١٢ ساڵی ٢٠٢٠ ئەنوەری جەلاد شەیدای بیتاوانی کچی پەلکێشی ژوری بوکێنی دەکات بۆ دلۆڤان، دلۆڤانیش وەکو گورگی برسی بەبێ هیچ هەستیکی مرۆڤایەتی ئەیکات بەهاوسەری خۆی، هەربۆیە شەیدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕقی لەهاوسەرە سەپێنراوەکەی دەبێتەوە، زیاتر بیری لای هێمنی خۆشەویستی دەبێت.

بەرواری ٢٠٢١/٩/٢٤ لەشەوەزەنگێکی هەینیدا لەکاتیکدا شەیدا وهێمن لەجێژوان دەبن، ئەفسون دلۆڤان پێیان دەزانێت وبەچەکەوە هەڵئەکوتێتەسەریان دەسترێژی گولەیان لێدەکات، هێمن هەرچۆنێبێت بەرناکەوێت وهەڵدێت، بەڵام شەیدای خێر لەخۆ نەدیو چەند فیشەکێکی بەردەکەوێت وبەسەختی بریندار دەبێت پاشانیش دەبێت بەقوربانی خێڵ پەرستەکان وگیان لەدەست دەدات، خوێنرێژەکان بەوتاوانە تینوێتی ناشکێت ودوای هێمن دەکەون ودەیانەوێت بیکوژێن، بەڵام هەرچۆنێبێت هێمن لەترسی ڕۆحی خۆی بەقاچاخ سەریخۆی هەڵدەگرێت وهەڵدێت لەوڵات،

کەچی لەدوای نزیگەی ٣ ساڵ ئەنوەری جەلاد سیامان سابیری باوکی هێمن بەڕۆژی ڕوناك بەگوندەی دەڕفێنێت ودەیکوژێت، تاکو ئێستەش هەردوو تاوانبار دلۆڤان وئەنوەر بەئاشکرا دەسوڕێنەوە هیچ دادگایەك وهیچ ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤ ناوێرێت باس لەتاوانە دڕندانەکەیان بکات ڕاپێچی دادگایان بکات، تەنها لەبەرئەوەی ئەنوەر بەرپرسێکی زەبەلاحە لەڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

هەرگیز لەم چەشنە دیاردە قێزەوانانە پێشتر لەکەلتوری کوردیدا بونی نەبوە، وەلێ لەگەڵ سەرهەڵدانی دەسەڵاتدارانی بنەماڵەی بەرزانی وتاڵەبانی سەپێنراو ڕۆژانە کچان وژنان دەبنە قوربانی شەرەف وناموس.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی شەیدا، ڕوخانیش بۆ ئەم دامودەزگا سەپێنراوەی هەرێمی کوردستان عیراق.